# فەرموون لە گەڵ وڵامی ئەو پرسیارانەی کە وەک میوان لە مەڵپەڕی سەربەخۆ دا ئاڕەستەی کاک هاشم موحەممەدی سەرۆکی گشتی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان، تان کرد.

کاک هاشم موحەممەدی سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان، دەبێتە میوانی ئەم جارەی سەکۆی سەربەخۆخوازان.



هەموو لایەک وخوێنەرانی بەڕێزی ماڵپەڕەکەمان ماڵپەڕی سەربەخۆ www.serbexo.com ئاگادار دەکەینەوە، کە بەڕێز کاک هاشم موحەممەدی سەرۆکی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان، و ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ کاروباری لاوان، دەبێتە میوانی ئەم جارەی سەکۆی سەربەخۆخوازان ی ماڵپەڕەکەمان، چاوەڕوانی پرسیارو وڵامەکانتان دەبین.

کورتەیەک لە بیوگرافی ژیانی کاک هاشم موحەممەدی.
هاشم موحەممەدی، 20.01.1986 لە یەکێ لە ناوچەکانی سەر بە شارشتانی جوانرۆ لە دایک بووە.

تکنیسیەنی زەوی ناسی و شارەزا لە جوگرافیای سیاسی خوێندوە. پاشان بە هۆی هەندێک کێشەی سیاسی ڕوویکردوەتە باشوری کوردستان،چەندساڵێک لە ریزی یەکێک لە پارتە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری سیاسی وپێشمەرگایەتی کردوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕویکردوەتە هەندەران، و وەک پەنابەری سیاسی لە وڵاتی نۆرویژ گیرساوەتەوە.
هەرچەند مانگ پاش لە دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان، ناوبراو پێوەندی لەگەڵ سکرتێری گشتی ئەو پارتەوە گرتووە، و تا سەرئەنجام لە سەرەتایی ساڵی ٢٠٠٧ وەک ئەندامی ڕەسمی لە پارتی سەربەستیی کوردستان دەست بەکار دەبێت.
لە کۆنفرانسی1 یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ٢٠٠٨/١/٢٠ وەک ئەندامی راوێژکاری سەرکردایەتی پارتی سەربەستی کوردستان بۆ کار وباری لاوان هەڵبژێردراوە.
لە ڕێکەوتی 5ی پوشپەڕی 2708 ی کوردی، بەرامبەر بە 25.6.2008 زاینی .ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان دامەزراوە، ناوبراو وەک سەرۆکی گشتی ئەو ڕێکخراوە دیاری کراوە.
بۆ بینیی بەرنامەوپێڕەوی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی لە سەر ئینتەرنێت دەتوانن سەردانی ئەم مەڵپەرە بکەن. www.rlsk.org

لەگەڵ ریزی زۆرمان.
دەستەی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی سەربەخۆ. www.serbexo.com, serbexo4@gmail.com
١٧ی بانەمەڕی ٢٧٠٩ ی کوردی

**پرســــار لەلایەن: hiwa rahmany**

سلاو کاک هاشم ئارازوم سە ربەرزی گلی کوردە هەروەها جنابتیش، گر بکریت هۆکاری لیکترازانی حیزبی دیموکراتمان بۆ بکیت خلاسە شدە؟

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-05-18 13:06:15

**وەڵام:**

سلاو لە تۆش بەڕیز هیوا ڕحمانی .

بەڕێز موشکیلاتی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە مێژووی ئەو حیزبە دا چەندین جار ئەو حیزبە لە گەڵ جیابوونەوە ڕوبەڕووبووەتەوە و لە مێژووی هەر حیزبێکیش دا ئەو شتێکی ئاساییە و بە شێوەیەکی نورماڵ چاوی لێ دەکەن هەر چەند گەلی کورد و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم قۆناغەدا پێویستی بە یەکێتی و یەکریزی زۆر تر و بتەو تر هەیە بەڵام دەتوانرێت وەک ڕوداوێکی ئاسایی سەیری لەیەک جیابوونەوەکان بکرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سرنج ڕاکێشانە کە ئەم لە یەک ترازانەی کە لەم 3 ساڵەی پێشو دا ڕووی دا لە گەڵ دابڕانەکانی پێشوتر جیاوازیەکی زۆر گەورەی هەبوو ئەویش ئەو بوو لە گەڵ ئەوە دا کە جیاوازی بیر و بۆچونیان نەبو لە مەسائیلی سیاسی دا بەڵام ئەو حیزبە بەتەواوەتی بوو بە دوو بەشەوە ، ئەوەش بەرهەمی ئەو باڵ و باڵ بازیەی بوو کە بە شێوەیەکی نادیموکراتیک لە ناو ئەو حیزبە دا جێی گرتەبوو ، شایستە سالاری بەتەواوەتی لە بەین چوو بوو هەر کەسێ لە گەڵ باڵێک لەو باڵانە نەبوایە ئەوە بەشی خورابوو کەس بە دادی نەدەگەیشت ، هیچ کام لەو باڵانەش حازر نەدەبوون کە کورسی دەسەڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن ئەوش ئەوە دەگەیێنێت کە کەلتوری دیموکراسی لە ناو ئەو حیزبە دا جێ نەکەوتووە و هیچ کام لەو دوو لایەنانەش گرنگیان بە حەساس بونی باردۆخەکە نەدەدا و ئەوەی لای ئەوان گرنگ بوو دەسەڵات و بەرژەوەندی شەخسی و بەرژەوەندی لا باڵەکەی خۆیان بوو نەک بەرژەوەندی نەتەوەیی، هەر بۆیە نامەسئولانە لە گەڵ یەک دا هەڵسوکەوتیان دەکرد و تا چارەنووسی ئەو حیزبەیان بەو ئاقارە مەترسیدارە دا برد ، من هیوا دارم کە موشکیلی ئەو دوو حیزبە بە شێوەیەی دیموکراتیانە وە بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت نەگات بە توندوتیژی ، هێمە هەمیشە خوازیاری یەکێتی و یەکریزی هەموو هێزە کوردستانیەکان بوین و داوا لە هەموو هێزێک دەکەین کە بەرپرسانە لە گەڵ موشکیلە نێوخۆیەکاندا هەڵسکەوت بکەن ، داوایان لێ دەکەین کە ئازادی و دیموکراسی نێوخۆی بەر فراوانتر بکەن و کەلتوری ڕەخنەو ڕەخنە گرتن قبوڵ بکەن .

---

**پرســــار لەلایەن: Mehabadi Helo**

کاک هاشم خۆشحاڵین، ئێمە 4 لاوی مهابادین، ماوەی 2 ساڵە لە دامەزراندنی پارتی سەربەستیی کوردستان ئاگادارین، ئیستاش خۆشحاڵ دەبین کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێکخراوی لاوانی سەربەستیی کوردستان پێوەندیمان هەبێت،

ئایا بەرنامەی ئەم ڕێکخراوە لە دواڕۆژدا بۆ شۆردنەوەی ئاسەواری داگیرکەران لە کوردستان چی دەبیت؟.

ئایا چۆن دەتوانین ڕاستەو خۆ لەگەڵ تێکۆشەری سەربەخۆیی کاک حارف باوەجانی تەماسمان هەبێت ؟

سوپاس بۆ هاوکاریت

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-05-17 12:07:50

**وەڵام:**

بەڕێز هەڵۆ مەهابادی سڵاوی هێمەش لە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان پێشکەش بە ئێوە لاوانی تێکۆشەری شاری قارەمان پەروەری مەهاباد شاری پێشەوای کۆماری کوردستان، شاری قازیەکان، شاری قازی و هەزاران قازی پەروەری تر

بەڕێز کاک هەڵۆ ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان ڕێکخراوی هەموو لاوە تێکۆشەرەکانی کوردستانە کە بە هەست کردن بە موشکیلاتی لاوان هەوڵ بۆ چارەسەرکردنیان دەدات ، ئێوە دەتوانن لە ڕیگەی مەڵپەڕی ڕیکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستانەو پێوەندی لە گەڵ ئەو ڕێکخراوەیە دا بگرن.

لە وڵامی پرسیارە دووەمت دا

بەڕیز گیان ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان ڕێکخراوێکی سینفیە کە هەوڵ دەدات بۆ چارەسەر کردنی موشکیلاتی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەم قۆناغەی ئیستا دا کە لە دەرەوەی وڵات دەژین هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی هەمو هێزی لاوانی کورد لە دەوری یەک بەرنامە و پرۆگرام کە بتوانێ بە شێوەیەکی باشتر دەنگی لاوانی کورد بە گوێچکەی هەموو بونیادە نێودەوڵەتی و کۆمەڵ و کۆرەمرۆڤ دۆستەکانی دوونیا بگەیەنێت ،هێمە چۆن لەم قۆناغەی خەباتمان دا هەوڵ بۆ ناساندنی موشکیلاتی لاوانی دەدەین هەر وەها هەوڵ دەدەین و فشار دەخەینە سەر حکومەتی داهاتوی کوردستان کە گرنگی بدات بە سیستمی پەروەردە و ئیماکاناتی پێویست و لە بار بۆ لاوان پێک بهێنێت، ئەو ناوچانەی کە ئاسەواری جیاوازی لە تێدا دەبینرێت زۆر تر گرنگی پێبدرێت و لە هەمو ئیماکاناتی رەفایی سودمەند بن و ئەو ناچانە ببنە نمونەی پێشکەوتنی کۆمەڵەکەمان، وە بەوشێوەیە بە دووژمنەکەمان نیشان بدەین کە چۆن توانیومانە لە بەرابەر ئەو هەمو زوڵم و ستەمە خۆڕاگر بین ئاواش دەتوانین وڵاتەکەمان لە ماوەیەکی کورت دا بە ئەو پەری پێشکەوتن بگەیەنین.

لە وڵامی پرسیاری ئاخرت دا

دەتوانی لە ڕێگەی مەڵپەڕی پارت سەربەستی کوردستانەوە پێوەندی لە گەڵ بەڕێوەبەرانی ئەو مەڵپەڕە دا بگریت و ئەوانیش ئەدرەستی تایبەتی کاک عارف ئەحمەدی،ت بۆ وەر دەگرن یا دەتوانی لە ڕێگە ئەوانەوە لە گەڵ کاک عارف پێوەندی بگریت،

زۆر سپاس بۆ پرسیارەکانت.

---

**پرسیار لەلایەن: reza sablaghy**

لە گەڵ سڵاو و ریزم ، کاک هاشم جیاوزی پارتی سەربەستی و پارتەکانی تری کوردستانی ئێران چییە؟

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 16-05-2009 14:40:25

**وەڵام:**

سڵاو لە تۆش بەڕێز کاک ڕەزا.

بەڕیز بە گشتی پرسیارت کردووە و منیش هەر بە گشتی وڵامت دەدەمەوە سەبارەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

جیاوازی پارتی سەربەستی و پارتەکانی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوە دایە کە ئەوان لە سەردەمێکی کۆنتر لە مێژووی پارتی سەربەستی کوردستان دامەزراون یانی هەندێک لەو حیزبانە زیاتر لە نیو سەدەیە تێکۆشانیان هەیە وە هاوشێوەی حیزبە کومۆنیستەکانی ئەو کاتن ، من جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینم لە پێڕەوی نێوخۆی ئەو حیزبانە چونکو هەر هەمویان ساختارەکەیان بە شێوەی سانترالیسمی ئیدارە دەکرێن هەر بۆیە پێم وایە ئەوە لە حیزبە

کومۆنیستەکانی ئەو کات وەر گیراوە و تاکوو ئیستا دەست کاری نەکراوە ،لەوانەیە لە هندێک حیزب دا لە پێڕەوی نێوخۆی دا نەنوسرابێت یان پاککرابێتەوە بەڵام هەر بەوشێوەیە ئیدارە دەکرێن بۆیە لە گەڵ سیستمی ئەو رۆدا ناگونجێت وە لە گەڵ موشکیلی نێوخۆی بەرەڕوو دەبنەوە، چونکە ئەو ساختارەی کە ئەو حیزبانەی پێ ئیدارە دەکرێت هی سەردەمێکی ترە و لە گەڵ دونیای ئەمرۆ دا ناگونجێت ئەو سەردەمە بەسەر چووە ،شەڕی سارد کۆتایی پێ هات دونیا قۆناغەکانی مودێڕنتە ، مودێڕنیزم ،پۆست مودێڕنتە و بە جیهانی بوونی بڕیوە ، بۆیە هندێک جار دەڵێن دوونیا بووەتە گوندێکی بچوک بەو واتایەیە کە دوونیا پێشکەوتووە قۆناغە سەختەکانی بڕیوە ئیمکانات زۆر بووە لەم سەدەمەش دا دەبێت ئەو حیزبانە کە خۆیان بە پێشڕەوی خەڵک دەزانن لە گەڵ سیستمی نوێی جیهانی بەرەوپێش بچن و خۆیان لە گەڵ ئەم سیستمە دا بگونجێنن تا کوو لەو موشکیلاتانەی کە ئەم کەلتورە نویە سازی دەکات بۆیان ڕزگاریان بێت.

بەڵام بەداخەوە ئەو حیزبانە نەک هەر لە گەڵ ئەو کەلتورە دا خۆیان نەگونجاندووە بەڵکو بە هۆی کراوەی ئەو کەلتورە و فەراگیر بوونی و هاتنی فرکانسەکانی ئەم فەرهەنگە نوێیە بە ئەم ناوچەیە ئەوانی تووشی هندێک موشکیلی نێوخۆی وەک چۆنیەتی بەڕیوەبردنی کارە ئیداریەکان ، کەم بوونەوەی ئازادی ، نەبوونی دیموکراسی نێوخۆی وەک لیبرالیزمی نوێ کە چوارچێوەیەکی کراوەتری هەبێت کردووە،چونکە ئەوە لیبرالیزمی نوێە کە بووەتە هۆی پێشخستنی سیستمی دەسەڵات دارێتی جیهانی و ئەگەر ڕێکخراوێک یان حیزبێک لەو کەلتورە کەمێک خۆی دوور بگرێت ئەوا دووا دەکەوێت و لە گەڵ هەڵوەشان دا ڕوبەڕوو دەبێتەوە ، بۆیە دێر یان زوو دەبێت لەگەڵ ئەو سیستمە دا خۆمان بگونجێنین و ئازادیە نێوخۆیەکان فراوانتر بکەن و گرنگی بە کەلتوری دیموکراسی بدەن وەک جێگیر بوون لە هەڵسوکەوتیان دا .

بە هۆی نەبونی ئازادی و دیموکراسی پێویست و کەلتوری ڕەخنە گرتن و ڕەخنە قبوڵکردن لە یەک بەداخەوە توشی دابڕان و لەیەک ترازان بوەنەتەوە ، هەروەها دەبێت ئەوەش لە بەر چاو بگرین کە لە بەر ئەوەی نەیانتوانیوە کەلتوری دیموکراسی لە نێوخۆی حیزبەکانیان جێبکەوێت تا ئەگەر ڕۆژێک هات و دەنگیان پێنەدان ئەوا ئاسایی بێت کە کورسی دەسەڵات جێبهێڵن ناچار بوونە بۆ ئەوەی کە دەسەڵات لە دەست نەدەن حیزبەکان بە باڵ و باڵ بەندی و جەناح و جەناح بەندی دابەشبکەن، هەر وەک هەمومان دەزانین کە دیموکراسی واقیعی یانی ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵات و سیستمی دەسەڵات دارێتییە کە دەبێتە هۆی درێژ بوونەوەی تەمەنی ئەو حکومەتە یان ئەو سیستمە. وە کەلتوری شایستە سالاریش لە نێو ئەو حیزبانە لە ڕاستی دا بوونی نیە هەر بۆیە ئەو کەسەی کە بە دەسەڵات دەگات بە شیوەیەکی دیموکراتیک نییە کە دیموکراسی لە گەڵ دا بێت وە بە دەنگی زۆرینە بە دەسەڵاتێکی دیموکراتیک گەیشتە بێت هەر بۆیە کە هەڵبژاردنەکە لە نێو ئەو حیزبانە دا کۆتایی پێ دێت ئەوا دەنگی نارەزایەتیش لە لایەن بەشێکی زۆر لە ئەندامانی ئەو حیزبانە بەرز دەبێتەوە لە بەشی دووەم دا .

ئەگەر بێینە سەر درووشمی ئیستراتیژیکی ئەو حیزبانە و پارتی سەربەستی کوردستان ئەوا جیاوازیەکی زۆر دەبینین لە نێوانیان دا ، لە ڕاستی دا ئەوان ئیستاشی لە گەڵ بێت پێیان وایە کە دەتوانن لە چوارچێوە ئێرانێکی تازە دا وە لە ژێر چەتری حکومەتێکی دیموکراتیک دا بمێنەوە، بەڵام پارتی سەربەستی کوردستان بە لە بە چاو گرتنی مێژووی کوردستان ئەو حکومەتانە بۆمان دەر کەوتووە کە هیچ کات باوەڕیان بە ئازادی بەرابەری نێوان نەتەوەکانی ئێران نەبووە و نابێت ، چونکو ئازادی و بەرابەری نێوان نەتەوەکان لە وڵاتێک دا دەبێت کە دیموراسی وەک کەلتورەکەی بە باشی جێکەوتوو بێت و ئەزمونێکی باشی دیموکراسیان هەبێت تا بتوانن لە ناخی دڵیانەوە خوازیاری ئەو ە بن کە پێشکەوتنی کەلتور و فەرهەنگی ئەو نەتەوانە نابێتە هۆی ئەوە کە لە ئەوان کەم دەبێتەوە بەڵکو دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو نەتەوانە بە ئازادی و یەکسانی و مافە ڕەواکانیان دەگەن و ئەو زوڵم و ستەمی چەندین ساڵەیە کۆتایی پێ دێت ، بەڵام ئەگەر ئیستا نەتەوە باڵا دەستەکانی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەر دا دابەش کراوە بە کورد بڵێنی بدەن کە هەوڵ دەدەن لە گەیشتنی کورد بە مافەکانی هاوکاری و یارمەتیان بکەن، هێمە پێم وایە ئەوە دەسەڵاتیان نیە بۆیە ئەو بڵێنیە دەدەن ئەگەر دەسەڵاتیان دووبارە بە دەستەوە گرت و خۆیان بەهێز کردەوە ئەوا دیسان هەوڵ بۆ سەندنەوەی ئەو مافانە دەدەن کە لە کاتی بێهێز بوونیان دا بڵێنیان دابوو وەک کوردستانی باشور و ئیستا، بۆیە هێمە باشترین ڕێگا چارە بۆ چآرەسەرکردنی

مەسئەلەی کورد لە ئێران دا بە هەوڵ دان بۆ رزگاری و سەربەستی یەک جاری نەتەوایەتی دەزانین.

هێمە پێمان وایە دەبێت هەر لە ئیستاوە ئەو حیزبانە هەمو بیر و ئەندیشەیەکی خۆیان بخەنە گەر بۆ ئەوەی کە ئیستراتیژیەکی باشتر دابرێژن کە بتوانن لە نێو کۆمەڵی کوردستان دا هەوڵ بە زەمینە فەراهەم کردنی بدەن نەک وەک لە دەسپێکی شۆرشی گەلانی ئێرانەوە رۆژێک شەر دەبوو و رۆژێک ئاگربەس بۆ ئەوەی کە پێکەوە گفتوگۆ دەکەن . ئەو کات داوای دەسەلاتی ئەتۆنۆمیان دەکرد بۆ کورد و لە نێو خەڵکیش دا ئەویان بە بەرنامەی خۆیان دانابوو بەڵام پاشان کە زانیان ئەوە بەدەشت نایەت و ئەو حکومەتە حکومەتێکی دیموکراتیک نیە کە باوەری بە خواستەکانی گەلی کورد هەبێت ، لە خواستەکانی کوردیان کەم کردەوە و تەرحی هەشت مادەیان نوسی خەڵکیش سەریان سوور دەما دە باشە ئەمە چیە تا رۆژێک لەوەو پێش داوای شتێکیی تریان دەکرد و ئیستاش داوای شتێکی تر دەکەن، لێرەدا یە کە لە نێو خەڵک دا زەمیە بۆ ئەو فکرە فەراهەم نەکراوە چونکە تاکوو ئیستا بۆ ئیستراتیژیەکی تر زەمینەیان ساز کردووە . پاشانیش هەر لەو تەرحانەوە بە بێ تەواو کردنی قۆناغ و مەرحەلەیەک گۆرا بۆ پێک هێنانی سیستمی فیدرالی لە ئێران دا هێمە لێرە دا پێمان وایە ئەگەر ئەو سیستمەش بەواتا سیستمی فیدراڵی چێ نەکەوێت ئەوا ئەو کات دەبێت کار بۆ دارشتنی چی ئیستراتراتیژیەک بکەن . بۆیە بە بیر و بۆچونی هێمە لەو کاتە دا ئەوە بە زەرەری نەتەوەکەمان دەشکێتەوە چونکە ئەو حیزبانە تا کوو ئیستا کاریان بۆ فەراهەم کردنی ئیستراتیژیەک کردووە و تەبلیغیان بۆی کردووە وە ئیستا ئەو ئیستراتیژیکە رەد دەکەنەوە داوای شتێکی تر دەکەن ، بۆیە ناتوانن ئەوەی کە ئیستا دەیانهەوێ لە ناو خەڵک دا پشتیوانی بۆ کۆکەنەوە زەمینە سازی بۆ بکەن ، ئەمەش یەکێکی ترە لە جیاوازیەکان نێوان پارتی سەربەستی کوردستان و پارتەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستانە.

پارتی سەربەستی کوردستان پارتێکی نوێی گۆرەپانی خەباتە کە هەوڵ دەدات بۆ پێکهێنایی حکومەتێکی دیموکراتیک لە نێو کوردستانێکی سەربەست و سەربەخۆ دا ، ئەم پارتە نوێیە لە باری ئیدۆلۆژی ،ئیستراتیژیک، تاکتیک و ساختاری سیاسی لە گەڵ هەمو حیزبەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازی هەیە، پارتێکە کە باوەری بە خەباتی چەکداری نییە و پێی وایە دەبێت کورد لە رێگەی دیپلۆماسیەوە چارەسەری بۆ مەسئەلەی کورد بدۆزێتەوە ، هێمە پێمان وایە کە ئەو توانا سەربازیمانە نییە کە دووژمنەکەمانی پێ بروخێنین و دووژمنەکەی هێمەش ئەو دووژمنە نییە کە بە خەباتی پارتیزانی باوەر بە مەسئەلەی کورد بهێنێ، بەواتا یانی ئەو حکومەتەی کە کوردستانی رۆژهەڵاتی داگیر کردووە گرنگی بەو لەتمە ئابووریەی کە لێی دەکەوێت نادات و چونکە حکومەتێک نییە کە داخوازی گەلانی ئێران لە بەر چاو بگرێت و چەندەش هێزی سەربازی تێدا بچێت بۆی بایخدار نییە ، ئەو حکومەتە تاکوو ئیستا کوردستانی وەک ناوچەیەکی دواکەوتوو راگرتوە جا ئەگەر شەریشی تێدا بێت لە راستی دا هیچ ئاکامێکی نابێت و بەڵکوو دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوون و میلیتارە کردنی رۆژهەڵات، هەر وەها دەبێتە هۆی ئەوە کە کۆماری بەناو ئیسلامی ئێران بەهانەی باشتر بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزاڤە مەدەنیانەی کە ئیستا لە حاڵی گەشە کردن دان بەدەست بهێنێت، بۆیە هێمە وەک پارتێکی مەسئول سەبارەت بە ئەو رووداوانەی کە لە کوردستان دێنە پێش خۆمان بە ئەک دار دەزانین و دەبێت هەوڵ بدەین کە بزاڤە مەدەنیەکان کە وەک کەلتوری دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگایەک سەیر دەکرێت باشتر گەشە بکەن ، نەک ببین بە هۆی ئاڵۆز کردنی ئەو بارودۆخەی کە ئەو رێکخراوانە دەیانهەوێت بیهێننە پێشە، هێمە هەمو هەوڵ و پشتیوانیەکی خۆمان دەخەینە گەر لە پێناو بەهێز کردنی ئەو رێکخاوانە کە دەیانهەوێت کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارکەنەوە لە مەر خواستەکانیان.
ئیستراتیژیکی سیاسی هێمە ئەوەیە کە دە مانهەوێت بیری سەربەخۆ خوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکەین و بۆ ئەوەی کە هەلومورجێکی لە بار بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراتیک لە نێو کوردستانێکی سەربەخۆ دا دروست بکەین.

هێمە پێمان وایە کە کاتی ئەوە گەیشتوە کە کورد داوای ئەوە بکات کە دەبێت رێگاچارەیەکی بنەرەتی بۆ چارەسەر کردنی مەسئەلەی کورد بدۆزێتەوە ، پارتی سەربەستی باوەری وایە کە پارتە کوردیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان

تاكوو ئیستا نەیانتوانیوە بۆ چارەسەر كردنی مەسەلەی كورد لە چوارچیوەی ئەم جوگرافیا سیاسیەی كە ئیستا هەیە سەركوتن بەدەست بهێنن، ئەو یەكێ لەو خاڵە هەر گرنگانەیە كە بووەتە هۆكاری دروست بوونی پارتی سەربەستی كوردستان. ئەم پارتە پێی وایە كە لەم چەند سەدەیە دا كە كورد خەباتی كردووە بۆ مافەكانی و زۆر سەركەوتن و هەوەها زۆر هەوراز و نشیویشی بریەو بەلاّم بە هۆی دڕندەی دووژمنەكان نەتوانیوە مەسئەلەی كورد لە چوارچیوەی ئەم ئەم ولاّتانە بەرەو چارەسەرێكی بنەڕەتی ببات ،ئەم حكومەتانەش دیموكراتیك نەبون و باوەڕیان بە مافی میللەتانی زولّم لێكراو نەبووە خوازیاری چارەسەر كردنی ئەو مەسئەلەش نەبون بۆیە قەد بە نیەتی پاكەوە لە گەلّ پارتە كوردیەكان دیالوّگ و گفتوگۆیان ساز نەكردووە، هەمیشە بۆ زەربە لێدان لە گەلّ ئەو حیزبانە دانیشتنی كردووە. لەم كاتە دایە كە هێمە وەك پارتی سەربەستی كوردستان بەو نەتیجەیە دەگەین كە ئەو حكومەتانە خوازیاری چارەسەركردنی مەسئەلەی نەتەوایەتی نەتەوەكەمان نییە و خەبات لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیایە هیچ ئاكامێكی باشی بۆ كورد نابێت بەس چارەسەر كردنی مەسئەلەكە دووا دەخێت و بەرەو چارەنوسێكی نادیاری دەبات، بۆیە خەبات بۆ سەربەخۆی، سەربەخوازی و سەربەستی بە مافی نەتەوایەتی نەتەوەكەمان دەزانین هیچ هێزێک ناتوانێ هێمە لەو هەولّە پاشگەز كاتەوە.
لە باری ئیدۆلۆژیەوە، پارتی سەربەستی كوردستان هەولّ دەدات بۆ پێكهێنانی كۆمەلّگایەكی لیبراڵ ، رێبەرایەتی پارتی سەربەستی پێی وایە لیبراڵیزم بە واتا نوێكەی دەتوانێ باشترین رێگاچارە بێت بۆ پێشخستن و پیشەسازی كردنی كوردستان هەروەها دەتوانێ زامنی ماف ئازادیە تاكەكەسیەكان بكات ، من لە سەر ئەم تیئۆریە ناچم چونكە لیبرالیزم تاكە سیستمی پێشنیار كراوە بۆ كونگرە ، تاكوو ئیستا دیار نییە كە پەسەند دەكرێت یا نا.
من هەولّم داوە كە بە كورتی جیاوازیەكانی پارتی سەربەستی كوردستان و پارتەكانی تری رۆژهەلاّتی دیاری بكەم تۆش دەتوانی خۆت بڕیاری لە سەر بدەیت.
زۆر سپاس بۆ پرسیارەكت.

---

پرسـیـــار لەلایەن: **hogr**

pash slaw

heye bo awey amareki drost w zansti bedest bhenn lebarey asti aya hich bernametan kurd be made behoshkerekan lawani tishboy

rageyand, netantwaniwe wek pewist xotan bochi lew maweye ke damezrandni xotan ,bnasenn

niye hokari chiye sayteketan wek pewist aktiv

/nawxo le chi astekdaye pewenditan legel rekxrawekani lawani kurd le derewew be hiway serberzitan

ڕێكەوتی پرسیاركردن: 2009-05-11 13:12:07

**وەلاّم:**

سلاّو بەڕیز هۆگر.

لە ڕاستیدا دیاردەی مادە لە هۆش بەرەكان دیاردەیەكی زۆر نامۆیە كە ئەو ڕۆ بە هۆی دەسەلاّتی كۆماری ئیسلامی ئیران و ئەو سیاسەتە گلاوە كە دەیهەوێ لە كۆمەلّگاكەمان پیادەی بكات، ئاسایش و شۆناسی نەتەوەی گەلەكەمانی خستووتە مەترسیەوە، هێمە بەو ئاكامە گەیشتووین كە مادە لە هۆشبەرەكان لە ولاّتانی دی لە ڕاستی دا ئابووریە و بەس بەلاّم بە داخەوە ئەم دیاردە نامۆیە لە كوردستان دا هەم ئابوریە و هەم كۆمەلاّیەتە هەم سیاسیە، لە ولاّتانی

دی ئەم دیارە بەربەرەکانەی لە گەڵ دا دەکرێت ڕۆژ نییە کە نەبیستین کە لەو وڵاتێک دا مافیا ئەو کەسانی کە بازرگانی بە مادە لە هۆشبەرەکان دەکەن نەگیراوە ، لە وڵاتانی دی زۆر بە باشی پێشی لێ دەگیرێت و مبارزەی لە گەڵ دا دەکرێت بەلام بە داخەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا ئەم دیاردەیە هیچ کە بەرەبەرەکانێی لە گەڵ دا ناکرێت بەڵکو سیاسەتی خودی ڕژیمەکەیشە.

بەم شێوەیە کە بەرنامەی بۆ داڕژراوە وە پەرەی پێ دەدرێت و لە دژی خەڵکەکە بەکار دێت بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگایە ئیرادەی خۆی لە دەست بدات و نەتوانێ لە دژی سیاسەتەکانی ئەم ڕژێمە هەڵوێست وەر بگرێت، لە ڕاستی دا ئەم جۆرە مادەیە وەک چەکێک وایە کە کەس دەنگی نابیسترێت بەڵام ناخی کۆمەڵ دەسوتێنێت وە ئەو کەسانەی کە دەبنە قوربانی ئەم جۆرە مادانە لەو قوربانیانە زۆرترە کە لە شەڕەکان دا لە بەێن چوونە وە مەترسی زۆری هەیە کە کۆمەڵگاکەمان ئاگەدار نەکریتەوە و لە باری ڕۆشەنبیری پێشەوەچوون نەهیتە کایەوە وە لەوێ دایە کە ئەو مادەیە وەک کارتێک لە دژی نەتەوەکەمان بە کار دێت.

بوونی مادە لە هۆشبەرەکان لە هەر کۆمەڵگایەک دا دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ڕادە بێکاری، ئەوکاتەش کە بێکاری زۆر بوو هێزی کاری کۆمەڵگا لاواز دەبێت و هێدی هێدی فەقر لە ناو کۆمەڵ دا بڵاو دەبێتەوە و لەم ساتە وەختە دا کار دەکاتە سەر گەشەی ئابووری و کەلتوری کۆمەڵگا ، لە هەر شوێنێک دا چەندە بە کار هێنەری ئەم مادەیە بوونی هەبێت ئەوەندەس لە هێزی کاری کۆمەڵگا کەم دەبێتەوە، بەتاییبەت کۆمەڵەکەی هێمە چونکە زۆربەی لاوە ئەم مادەیە قەیرانی گەورەتر ساز دەکات و زۆرتر وڵاتەکە بەرەو لاوازی کەلتور، فەرهەنگی و ئابووری دەچێت. چوونکە لاو هەمیشە وەک ئەکتیڤ ترین پێکهاتەی هەر کۆمەڵگایە خۆی پێناسە دەکات ، چەندە ڕادەی لاو لە هەر وڵاتێک دا بوونی هەبێت ئەوەندەش ڕادەی گەشەی ئابووری دەچێتە سەرێ و کار دەکاتە سەر ئەو قەیرانەی کە توشی کۆمەڵ دەبێت ،یانی بە واتا ئەگەر پێکهاتەی لاو بە کچ و کوڕەوە لە ناو کۆمەڵ دا دژایەتی بکرێت و بەربەستی بۆ بهێننە سەر ڕێ و پێشگیری نەکرێت لە قەیرانانی کە لاو لە ناو نیشتیمانی خۆی توشی دەبێت دەبێتە هۆی داڕمانی گەشەی ئابووری و فەرهەنگی ،وە جامیعە لەو گەشە سەندنی ئابووری و کەلتوریانە دەکەوێت کە دەبنە هۆی پێشکوتنی وڵات ، مەسەلەن لە هەر شوێنک دا بەکار هێنەری مادە لە هۆشبەرەکان هەبێت لەو ناچەیە دا ئەمنیەتی کافی دەست ناکەوێت رادەی تاوان ،دزی ،فەحشا و توندوتیژی دەچێتە سەرێ.

هەروەها ڕادەی تلاق جیا بوونەوە و سەرگەردانی منداڵانیش بەرز دەبێتەوە و ڕادەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دا دەبەزێت، دەبێتە هۆی لاوازی بنەماڵە، چونکە لە هەر ماڵێک دا ئەگەر یەکێ لە ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بەکار هێنەری مادە لە هۆشبەرەکان بێت ئەوا دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی فەقر لەو بنەماڵەیە وە کار دەکاتە سەر باری سایکۆلۆژی بنەماڵەکەش ،ڕادەی خوێندە واری کەم دەبێتەوە.

هەروەها دەبێتە هۆی لە بەین بردنی هەست و ئیحساسی کەسی توشبوو ، وە ژیان ڕەنگ و ڕووی خۆی نامێنێت ، هەست بە بەرپرسیار کردن، عەشق، میهر، وەفا ،موحیبەت، ئەخلاق، ناموس ،سۆز و بیری ئازادی و داخوازی بۆ یەکسانی نێوان مرۆڤەکان هیچ واتایەکی نامێنێت و لە هەموو شتێک گرنگ تر بۆ کەسی توشبوو پەیدا کردنی ئەو مادەیە کە دەبێتە هۆی لاواز کردن و لەبەین بردنی هەر چێ زووتری ئەو کەسە.

لەوانەیە ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت دەستی بە ئەو مادەیە ڕا نەگات ببێتە هۆی ئەنجام دانی تاوانێک کە لەوانەیە لە پێش لە هەموان یەکێ لە ئەندامەکانی بنەماڵەکەی خۆی بێت چ هاوسەری بێت یان یەکێ لە منداڵەکانی یان کەسێکی دی بێت وە دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی خۆ کوژی، نەخۆشی دەروونی و بڵاو بوونەوەی هندێک نەخۆشی بێ چارەسەری .

یەکێ لەو هۆکارانەی کە بووەتە هۆی ئەوە کە دووژمنی نەتەوەکەمان بەبیری ئەوە بکەوێت کە بە بڵاو کردنەوی مادە لە هۆش بەرەکان بیهەوێت بەربەستی بە پێش لە بڵاو کردنەوەی بیری نەتەوەی بگرێت ئەوە بووە کە ئەو شەڕەی کە دووژمن لە گەڵ نەتەوەکەمان بەرەورووی بووەتەوە نەیتوانیوە سەرکەوتن بە دەست بهێنێ چونکە هەمێشە بیری تۆڵەسەندنەوە لە ناو کۆمەڵگاکەمان پێک هێناوە ، بۆیە دەیهەوێ بە چەکی بێ دەنگ کاری خۆی بکات و کۆمەڵگای لاوی کوردستان نەخۆش و بێ هێز بکات ، بەداخەوە تاکو ئەندازەیەکیش سەرکەتو بووە لە داڕێشتنی ئەو سیاسەتە دا ، دووژمن بە ئەو هەمو کارەساتە کە توشی نەتەوەکەمانی کردووە ، لە گەڵ ئەو هەمو کوشتارە بێ

بەزیانە کە ئەنجامی داوە نەیتوانیوە کۆمەڵگاکەمان لە بەرابەر سیاسەتە چەوتەکانی بێ دەنگ بکات هەر بۆیە دەیهەوێ بە بڵاو کردنەوەی ئەو مادەیە دەیهەوێ لاوان و هەمو پێکهاتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵەکەمان نەخۆش و بێ هێز و لاواز بکات، چونکە لە ڕاستی دا ئەو مادەیە مێشکی لاوەکانمان دەکوشێت، لاوەکان بێ هێز دەکات، ئیرادەی لاوان لە بەین دەبات ئەوان لە ناو واقیعەتەکانی کۆمەڵ دوور دەخاتەوە وەک ئەوە وایە کە ئەوان لە دوونیایەکی دی دا ژیان بەسەر بەرن، ئەوەش بەرهەمی ئەوەیە کە دووژمن نەیتاونیوە لە شەڕەکان دا دەستکەوتێک بە دەست بهێنێ و بتوانێ بزوتنەوەی نەتەوایەتیەکەمان سەرکوپ بکات.

هێمە پێمان وایە دەبێت هەمو ڕێکخراوەکانی کوردستان لە بواری ڕاگەیاندن دا ئەوە بە ئەستۆی خۆیان بزانن کە دەبێت زانیاری بە کەڵک و هەوڵ بدەن کە ڕۆشەنبیری لاوانی کوردستان بچێتە سەرێ تاکو بتوانن لە کەمینی سیاسەتە گڵاوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربچن ، چونکە هێمە پێمان وایە تێکۆشان دژی مادەلەهۆشبەرەکان کاری نەتەنها هەموو ڕێکخراوە سیاسی و سینفییەکانە بەڵکو کاری هەموو بزاڤە کەلتوریەکانیشە لە گەڵ تاک ،تاک و فەرد ،فەردی کۆمەڵەکەمانە چونکە ئەم مادەیە ئەمنییەتی نەتەوەی دەخاتە مەترسیەوە.

هێمە هەمێشە لە ڕێی دۆستان و هاوڕێکەمانەوە، لە ڕێی ئەندامانی نێوخۆی وڵات، لە ڕێی تەشکیلاتی ناوخۆیەوە تا ئەوەندە کە لە دەستمان هاتە بێت هەوڵمان داوە بۆ ئەوەی کە لاوانی کورد لە ئاکامەکانی ئەو مادەیە ئاگادار بکەیەنەوە و لاوانی کورد ئاگەداری

ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەینەوە .

هێمە لە دەرەوەی سیستمی ئاخوندی بە واتا هێمە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتی ئاخوندی درێژە بە خەبات دەدەین چونکە هێمە لە لایەن ڕژیمی ئاخوندەیەوە بە ڕەسمی ناناسرێن و خەباتمان مەمنوعە بۆیە ناتوانین بەرنامە دابرێژین کە چۆن لاوان لەو مادەیە دوور بخەینەوە ، چونکە هندێک موشکیلات هەیە کە دەبێتە هۆی ڕاکێشانی لاوان بەرەو لایی مادەلەهۆشبەرەکان ، بۆیە هێمە پێمان وایە دەبێت لە پێش دا بەرنامە بۆ ئەوە دابرێژین کە چۆن ئەو موشکیلاتانە چارەسەر بکەین و ڕێگا چارەکان کامانەن کە دەبنە هۆی دوور کەوتنەوەی لاوان لە مادە کە ، بەڵام هێمە وەک ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان هەمیشە هەوڵی خۆمانمان داوە لە پێناو دوور کەوتنەوەی لاوانی کورد لەو مادەیە.

وە نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و دەسەڵاتی زاڵی ئاخوندی جەوێکی خرابی پێک هێناوە کە ڕێکخراوە سیاسی و سینفییە کوردیەکان لە کوردستان دوور بن بەوشێوەیە ئەو هەلە بڕەخسێ کە کۆماری ئیسلامی بۆ تێکشکانی بزوتنە کوردیەمان بیر لە مادە لە هۆش بەرەکان بکاتەوە. هەر ئەوەشە کە بووەتە هۆی ئەوە کە هێمە ڕاستەخۆ نەتوانین بەرنامەکانی خۆمان جێ بە جێ بکەین وە نەتوانین سەرژمێریەکی دروست بۆ ئەوەی کەئاماری توشبووان بە مادەلەهۆش بەرەکان بکەین.

هێمە ناتوانین بەوشێوەیە سەرژمێری ئەنجام بدەین هەر ئەوە نەبێت کە هندێک جار خودی دەسەڵات دارانی کۆماری ئیسلامی باسی دەکەن ، بەوشێوەیە لە ئێرانی ئەمڕۆدا بە کوردیستانیشەو تە قریبەن 12 میلیۆن کەسی توشبیو بە مادە لە هۆشبەرەکان هەیە ، ئەو ڕێژەیە بۆ وڵاتێکی وەک ئێران زۆرە و تا دێت بەرەو زیاد بوون دەچێت، بەڵام هندێک جاریش هندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتی باسی ڕێژەی توشبو بە مادەلەهۆش بەرەکان دەکەن ، کە دەڵێن بێکاری و فەقر و فەحشا لە هۆکارە گرنگەکانی کەسانی توشبون بە مادەلەهۆش کەرەکانن، لە ئێرانیش دا ڕێژەی بێکاری ،فەقر ، ئیعتیاد و فەحشا لە سەرەوەی هەموو موشکیلاتەکانی ترەوەن.

هێمە لە هەوڵی ئەوەدا هەیەن کە بەرنامەیەک ، ڕێگە چارەیەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لاوانی کورد لەو کارەساتە سیاسیانە دوور کەینەوە ، لە دەسپێکی ئەوەش دا پێوەندیمان لە گەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ، ئەو وڵاتانەی کە ڕێز لە مافی مرۆڤ دەگرن گرتووە کە فشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە چیبدی درێژە بە سیاسەتە کاراساتە ئاوەرەکان نەدات، پێمان وایە کە دەبێت لاوانی کورد زیاتر خۆڕاگر بن و بتوانن بەربەرچی سیاسەتە گڵاوکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەنەوە ، نەک وەک ئەوەی کە ڕێگاخۆشکەر بن بۆ ئەو سیاسەتانە .

ڵامی پرسیار دووەم، لە ڕاستی لەم ماوەیە کە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان دامەزراوە ، هەرچەند بۆ ڕێکخراوێکی سینفی ،سیاسی ئاوا ، ئەم ماوەیە زۆر کەمە بەڵام هێمە لە هەوڵی پێک هێنانی ڕێکخستنەکانی

ڕێکخراوەکەمان بوین لە هندێک ولأت دا، هەر لە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان کۆمەلێک لاوی نیشتیمان پەروە و دلسۆزی گەلەکەمان پێوەندیان لە گەلمان گرت وە دەستەی بەڕیوەبەری ڕێکخراوەکەمان لە هەولی ئەکتیف کردنی شانەکانی نێوخۆی ولأت بوون، بۆیە لەوانەیە لەم قۆناغەدا زۆر دیار نەکەوتوبین یان چالاکیەکانی هێمەت لە نەزەردا نەگرتووە، ئەوە دەیێت تەبیعی بێت چونکە هەر ڕێکخراوێک لە کاتی دروست بوونی دا سەرقاڵ دەبێت بە پێکهێنای شانە و کومیتەکانی لە ناوچە جیاوازەکان ، هەر لەم ماوەیە دا چەندین کۆبونەوەمان بووە و سەردانی چەندین شوێنی گرنگمان کردووە کە بە گەرمی پێشوازیمان لێ کراوە
لە ولأمی پرسیاری سێ یەم دا
لەم ماوەیە دا سایتەکەمان نوێ کردووەتەوە و ە پێویستی بە هندێک گۆڕانکاری دەکرد بۆیە لەوانەیە بۆ چەند ڕۆژێک نەتوانین بە شیوەی پێویست تازەی بکەینەوە بەڵام لە ڕۆژانی داهاتو دا دەستەی نوسەرانی سایتەکە دەست بە کار دەبنەوە ، سایتەکەش بۆ دۆخی جارانی خۆی دەگەڕێتەوە، بۆیە لێرەوە داوا لە هەمو نوسەران و هەوالّ نێران دەکەین کە لە هەر شوێنێک دا هەن بە ناردی هەوالّ و بابەتی بە پێز و پێوەندی دار بە کوردستان ناوچەکەو جیهان هاریکاریمان بەکەین.
لە ولأمی دووا پرسیارت دا
نامهەوێ لە سەر ولأمی ئە م پرسیارە بچم ،چونکە لە بەنامەو پێڕەو ڕێکخراوەکەمان دا بە باشی ڕوونکراوەتەوە و لە ولأمی پرسیارە کانی تر کەمێک باسم کردووە ، بەلأم فەلسەفی سیاسی و سینفی ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان لە سەر ئەسلّگەلێکی وەک پێوەندی نێوان ڕێکخراوە کوردییەکان ، هەولّ دان بۆ کۆکردنەوەی ڕێکخراوە کوردیەکان و لاوانی کورد لە دەوری بەرنامەو پرۆگرامێک کە بتوانێ هیواکانی لاوانی کورد مسۆگەرتر کات ، هێمە وەک ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان خوازیاری پێدوەندی دۆستانە و گەرم و گوور و بەتینین لە گەڵ هەمو ڕێکخراوە کوردیەکان وە پێوەندی باشمان لە گەڵ ئەو ڕێکخراوانە باشە کە خوازیاری پێوەندی و هاوکارین لە گەڵمان لە گەڵ ئەوانی دیش پێوەندیمان نورماڵە زۆر ئاسایی ، لە گاڵ هندێک ڕێکخراوی کالتوری و .... لەناخۆی ولأت دا پێوەندیمان هەیە ، هەمیشە سەبارەت بە هندێک باسی پێوەندی دار پێکەوە گفتوگۆ دەکەین و دیالۆگ ساز دەکەین، بەلأم بە پێویستی نازانم کە ناویان بهێنم لە بەر هندێک خالّی ئەمنییەتی ، لە دەرەوەی ولأتیش دا پێوندیمان باشە لە گەڵ ڕێکخراوە سینفی و سیاسیەکانی کوردستانی، هەمیشە خوازیاری دیالۆگ و گفتگۆ بووین لە سەر ئەساسی خزمەت کردن و دەرفەت پێکهێنان بۆ بەشداری لاوانی کورد لە بزوتنەو سیاسی کۆمەلأیەتیەکان دا ، هەولّمان داوە ڕێگە بە بەشداری لاوان بدرێت لە ڕێکخراوە سیاسیەکان دا وە دەرفەت بە بەشداری لە دەسەلأت پێان بدرێت بۆ ئەوەی لە وزەو توانایی خۆیان ئیستیفادە بکەن و خۆیان بۆ داهاتو خزمەت بە گەلەکەمان ئامادە بکەن ، هەروەها پێوەندیمان لە گەڵ ڕێکخراوە کوردیەکانی پارچەکانی تری کوردستان هەیە ، زۆر جار سەردانی یەک دەکەین و بیر و بۆچون ئالّوگۆڕ دەکەینە وە باس لە بزوتنەوە کۆمەلأیەتی و پێگەی لاوانی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکەین.
بە گشتی دەتوانین ئاوا بلّێم ئیمە وەک ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان خوزیاری پێوەندی گەرم و گوڕین لە گەڵ هەمو ڕێکخراوە کوردیەکان بە بێ هیچ شەرت ومەرجێک وە خوازیاری پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەشین کە لەوێ دا هەمو ڕێکخراوە سینفیەکانی لاوان بە پێی تواناو قورسای خۆیان جێ پێی هەبێت وە هیچ ڕێکخراوێک خۆی نەسەپێنێک بە سەر ڕێکخراوێکی دی وە لەو پلاتفۆرمەدا وەک خالّی ئیستراتیژیکی کە دەبێت هەمو ڕێکخراوە کوردیەکانی بەشدار لەو پلاتە دا قبولّیان هەبێت ، وەک ئازادی و دیموکراسی ڕێز گرتن لە پرنسیپە دیموکراتیەکان ، نابێت هیچ ڕێکخراوێک سیاسەتی ڕێکخراوێکی سیاسی دی بە سەر ڕێکخراوێکی سینفی بەشدار لەو پلاتفۆرمەدا بسەپێنێت یان تەبلیغی بۆ بکات.
دارشتنی بەرنامەیەک کە لاوانی کورد وەک کادیری باش پەروەردە بکات و باریان بهێنێت و هەولّ دان بێ وچان بۆ سەر خستنی بزاڤە کۆمەلأیەتی و کەلتوری و فەرهەنگیەکان لە ڕۆژهەلأتی کوردستان و هەولّ دان بۆ بلأو کردنەوەی بیری سەربەستی و سەربەخۆی لە کوردستان ، هیمە پێمان وایە کە دەبێت پێکەوە لەو بارەیەوە کۆبینەوە و دیالۆگ ساز بکەین تا بە ئەنجامێکی باش و لە بار بگەین، چونکە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان سەرکەوتن و بەرەوپێش بردنی بەرنامەکان لەیەکریزی و تەبایی و پێوەندی باش لە نێوان ڕێکخراوە کان دا دەبینێت هەر بۆیە بە

باوەڕ و ئیمانەوە کاری بۆ دەکات، زۆر سپاس بۆ پرسیار و ڕەخنەکانت هیوا دارم کە کەسانی وەک جەنابت زۆر بن کە وا زانستانە ڕخنە بگرن چونکە ڕخنە گرتن پردی ، سەرکەوتن و ئىسلاحات و ڕاست کردنەوەی هەڵەکانە ، من پێم وایە تا ڕەخنە و ڕەخنە گرتن نەبێت کۆمەڵگای مەدەنی و کەلتوری دیموکراسی بە واتا واقعیەکەی جێناکەوێت و ناتوانێ پێک بێت و مافەکانی مرۆڤیش جێگیر نابن.

---

**پرســـــار لەلایەن: akam kurd**

lawani kurd le tarawge, ta cehnde twaniwian xoyan pe bgeyenn kak Hashim be bochoni to

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 2009-05-10 11:20:11

**وەڵام:**

ئەگەر پرسیارەکەت ئاوا بێت ، کاک هاشم بە بۆچونی تۆ لاوانی کورد لە تاراوگە، تا چەندە توانیوانیانە ! خۆیان پێ بگەیەنن؟!

لە وڵامی بەڕێز ئاکام کورد دا ، کاکی بەڕیز موشکیل، ماڵوێرانی، ئاوارەگی، دەربەدەری لەبەین بردن و ئاسیمیلە کردنی نەتەوەکەمان سەردەمێکی بە سەر دا تێ بەر دەبێت و ئیستاش هەر بەوشێوەیە بەردەوامە.

هەر چەند دوونیا قۆناغە سەرەتایەکانی پێشکەوتنی بریوە مەرحەلە بە مەرحەلە بەرو دوونیایەکی مودێڕنەتر لە مودێرنتە و پۆست مودێرنیزم سەردەکەوێت وە تا ئەندازەیەک کەلتوری بە جیهانی بوون لە گۆشەو کنارەکانی گۆی زەوی بڵاو بووەتەوە، بەڵام ئەگەر هەڵکەوتی ژئۆپلۆتیکی و جۆگرافیایی ئەو ناوچە لە نەزەردا بگرین کە نەتەوەی کورد تێیدا لە دایک بووە بە هۆی دواکەوتوی ئەو وڵاتانە کە نەتەوەکەمان بە سەریان دا دابەش کراوە لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە کە بە جیهانی سێوەم ناویان دەبەن.

لە لایەک بە هۆی کەلتوری دووگماتیسم و داب و نەریتی کۆن و نەخوێندەواری لە لایەکی دیش بە هۆی ئەوە کە زۆربە ئایینە ئاسمانییەکان لەم ناوچەیەدا لە دایک بووە وە بە هۆی نەبونی ڕادەی خوێندەواری بەرز هەمێشە بە شیوەیەکی دی لەم ئایینانە تێ گەیشتوون وە بە دژی زانست و تێکۆنۆلۆجیا لە قەڵەم دراوە وە وەک بەربەستێک لە دژی خوێندن یا سەواد کردنی خەڵک بە کار هێنراوە لەمە بەرین تر وەک تەواو کەری هەموو یاسا دەتوانێ مافی ئینسانەکان لە سەر گۆی زەوی دابین بکات چاوی لێکراوە .

وە لە گەڵ پێشکەوتنی دوونیا دا ئەو کۆمەڵەی کە کوردی تێ دا ژێر دەست کراوە بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە ،ئەگەر چاوێک بە ڕابردووی ئەم ناوچانە لە پێش لە دایک بوونی ئایینە ئاسمانییەکان بکەین دەبینین کە شەهرستانییەت ، تەممەدۆن وە چەندین ئیختراعاتی گرنگ وەک ئاگر ،چەرخ!!وەک کار ئاسانی بار کردن ! خەت، گەورە شار ، دەوڵەتی مودێڕن لە کاتە دا ،گەچ بڕی و سیستمی دابەش کردنی دەسەڵاتەکان لە نێوان ناوەند و حکومەتە ناوچەیەکان و چەندین سیستمی دەسەڵات دارێتی باش کە ئەمڕۆ لەم ناچانە دا دەست ناکەون .

وەک یاساکانی حەمورابی کە لەناوەندی شاردا دایان نا بوون وە هەر کەسێک دەچو تەماشای دەکردو و بە کارەکانی هەڵ دەستا، کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانین لە گەڵ دوونیای ئەوڕۆی ئەم ناوچانە دا هەڵیانسەنگێنین.

وە بە هۆی ژێر دەستی کورد ، کورد کەمتر لە ماف ،یاسا و ئازادییە ئینسانییەکان مافی پێدراوە ،ئەوەشمان لە بیر نەچێت هەر چەندە وڵاتە زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی وڵاتانی کۆلۆنیالی کورد لە گەڵ بوونی نەهامەتیەکانی نەتەوەکەمان بوونە.

لێرە دایە کە بەشێکی زۆر لە کوردان کە زۆربەیان لاون بە هۆی ئەو زوڵم و ستەمە کە لێیان دەکرێت وڵاتانی خۆیان بە جێ دەهێڵن و ڕوو دەکەنە تاراوگە و لەوێ دا جێگیر دەبن ، من دتوانم لاوانی تاراوگە ئاوا دابەش بکەم.

١- ئەو لاوانەی کە بە هۆی دواکەوتوی ناچەکەیان و نەبوونی ئیمکاناتی باش بۆ خوێندن و ئەو زوڵم و ستەمەی کە وەک کورد لێیان کراوە دەچنە تاراوگە لەوێ دا ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن و ئاستی ڕۆشنبیر کردنی خۆیان ببەنە سەرێ وە بە ناچار دەچنە ناو بازاڕی کارەوە،

٢- بەشێکی تریش هەر لە سەرەتای هاتنیان بۆ تاراوگە زۆر گرنگی بە رۆشنبیر کردنی خۆیان نادەن چونکە سیستمی کەلتور سازی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست وابووە کە دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەقسێت کە بتوانن لە قوتابخانەکان درێژە بە خوێندن بدەن و خۆیان پێ بگەیەنن.

٣- بەشێکی تر لە لاوان لە ڕاستی دا خوێندەوارن و ڕۆشەنبیرن و خۆیان پێگەیاندووە بەڵام گرنگی بە پێگەیاندنی کەسانی تر نادەن و هەمیشە خۆیان لە هەر کۆنفرانس و کۆبونەوەیەکی کەلتوری و فەرهەنگی و ڕۆشەنبیری دوور ڕا دەگرن وە لەو ئاستە دا تێ پەڕ نابن.

٤- بەشێکی تر لەو لاوانە کە ئاستی ڕۆشنبیریان باشە و دەتوانین بڵێم کە ڕۆشەنبیرن ،لە پاش دابڕانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کانی کوردستان دڵیان سارد بووەتەوە خۆیان دوور ڕا دەگرن ، هاوڕێ بیر و بۆچونی من وایە کە کەسێک بە ڕۆشەنبیر و پێگەیشتو دەزانم کە هەمیشە لە پێوەندی لە گەڵ مەسەلە سیاسیەکان ، موشکیلاتی کۆمەڵگاکەمان ، هەست بەبەرپرسیارێتی کردن لە پێوەندی بە مەسەلەی ژنان و ئەو ڕوداوە خۆش و ناخۆشانەی کە ڕوبەروی کۆمەڵەکەمان دەبێتەوە خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن ، 5 بەشێکی تر کە لە زۆربەی لاوان پێک دێت کە دەتوانم بڵێم ئەو لاوانەیە کە لێرە دا لە دایک دەبن ئاستی ڕۆشەنبیریان بەرزەوە وە لە زانکۆکان لە تاراوگە درێژە بەخوێندن دەدەن وە هەمیشە کەسانێکی ئەکتیڤ و چالاکن کە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کۆمەڵی کوردەواری لەو چوارچێوە داخراوەی کە تێدا دەژی بێتەدەروە و دەرگای بەروە روی دوونیای ئازاد دا بکرێتەوە ، ئەو لاوانە کە ئاسۆی ڕوونی کۆمەڵی کوردەواری چاوەڕێیان دەکات، من ڕۆڵی ئەو لاوانە بەرز دەنرخێنم کە وەک لاوانی تێگەیشتو و پێگەیشتو سەیر دەکەم، لە کۆتای دا دەتوانم ئاوا بڵێم کە بەگشتی لاوانی تاراوگە توانیوانە قۆناغە پڕ هەوراز و نشیوەکانی تاراوگەببڕن و خۆیان لە گەڵ ژیانی مودێڕنی ئەوێ ڕێک بخەن کە ئەوە خۆی کاری لە سەر هزر و فکر و ئەندیشەی ئەوان کردووە لە گەڵ ئەوەش دا توانیوانە ناسنامەی کەلتوری ونەتەوەی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە کافی بێت.

بە پێی ئەو ئەزمونەی تاراوگە ئەم کۆمەڵە لاوە توانیوانە خۆیان لە جیاوازیە کەلتوری فەرهەنگیەکان ، لە مەسەلە سیاسیەکان و لەو ئازادی و بەرابەریە کە لە تاراوگە دا خۆی دەبینێتەوە خۆیان تێبگەیەنن و لە ئەساسی پێگەیشتوی دا ،مەسەلە نەتەوەیەکان بۆیان زیندوو دەکرێنەوە وە هەوڵ بۆ لەبەین بردنی ئەو ناعەدالەتی و ستمەمە چەندین ساڵەیە ،کە وەک کورد بەسەریان دا هاتەبوو دەدەن .

من وەک خۆم بیر و بۆچونی وایە، کاتیک لاوانی کورد دەتوانن لە تاراوگە سەرکەوتنی باش بە دەست بهێنن کە هەموان بە دڵ فەراوانی هەموو موشکیلەی ناو ڕێکخراوەکان وەلا بنێن و لە دەرەوەی بازنەی ڕێکخراوەی دا کار بۆ یەکێتی، یەکڕیزی و تەبایی ناو ڕێکخراوە کوردیەکان بکەن وە ببنە هێزێک لە دەرەوەی وڵات بۆ فشار هینانە سەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کانی کوردستان ، ئەو کاتەیە من دەڵێم لاوانی کورد لە تاراوگە توانیوانە لەو هەموو موشکیلانەی هەندەران ،لە گەڵ ئەو هەموو جیاوازییە فەرهەنگیە کە لە تاراوگە هەیە ، بەر سەر هەموو هەوراز و نشیوەکانی تاراوگە زاڵ بێت وە هەموو لە بەرژەوەندی، نەتەوەکەمان بشکێنەوە، بەڵام بەو پێیەی کە ئیستا دەیبینین دەبێت لاوان زۆر تر ڕۆڵی خۆیان ببینن.

**پرســـــار لەلایەن :دڵشاد پروانە**

سڵاو بەڕێز کاک هاشم. سڵاوی زۆرم بۆ بەڕێزتان هەیە، من هیچ پرسیارێکم نییە. تەنها ئەوەندە کە بڵێم دەستتان خۆش بێ، ماندوو نەبن لە کارەکانتان.

سوپاس

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 08-05-2009 18:46:53

**وەڵام:**

ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستی کوردستان زۆر سپاست دەکەم بۆ ئەو هەستە جوانت بەرامبەر بە من، بەڕێزتان زۆر زەحمەتتان کێشاوە بۆ ڕێکخراوی لاوەانی سەربەستی کوردستان، هەمیشە جێ پەنجەی جەنابت دیارە، لێرەوە سڵاو و ڕێزی دەستەی بەڕێوبەری ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستانت پێ دەگەیەنم.

---

**پرســـــار لەلایەن :هێرش جوانڕۆیی**

کاک هاشم بە خێرهاتنتان دەکەم،

١. تکایە بە کورتی باسی ئەم ڕێکخراوەمان بۆ بکە، کە ئامانجی سەرەکی جییە؟

٢. تا چەندە نزیکایەتیتان لەگەڵ پارتی سەربەستیی کوردستان هەیە.

ڕێکەوتی پرسیارکردن: 07-05-2009 20:35:05

**وەڵام:**

سڵاو لە تۆش بەڕێز کاک هێرش جوانڕۆی.

من لێرەدا هەوڵ دەدەم کە وەک خۆت کە ئاماژەت پێ دا بە کورتی وڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە، بەڵام بۆ زانیاری زیاتر دەتوانی سەردانی مەڵپەری ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان بەشی ڕەشنوسی بەرنامە و پرۆگرامی ڕێکخراوەکەمان بکەیت لەوێ دا زانیاری زۆرترت دەست دەکەوێت، ئەگەر پرسیارێکی تایبەتیشت هەبێت، هەر لەوێ دەتوانی ئارەستی بەشی پێوندی دار لە ڕێکخراوەکەمان بکەیت، بەڕێز لە ولامی پرسیاری ئەوەڵت دا دەڵێ: لە پاش ئەوەی کە لە ناو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئینشیعاب و لە یەکترازان پێک هات و هەر بە هۆیەشەوە ئەو ڕێکخراوە سینفییانەی کە لە ناو ئەو ڕێکخراوە سیاسیانەی دا درێژە بە چالاکی و خەباتی خۆیان دەدا، بەڵام پاشان چارەنوسیان هەر بەو شێوەی ڕێکخراوە سیاسیەکانی لێهات، وە هێزی لاوان پرش و بڵاو بوو وە ئەو لاوانەی کە لە دەرەوەی وڵات و بەشێکی زۆریش لە لاوانەی ناخۆی وڵات کشانەوە، زەربەی ڕۆحییان چەشت، هەر وەها فشارەکانی کۆماری بە ناو ئیسلامی ئێران لە دژی لاوانی کورد پرەی دەسەند و زوڵم و ستەم نا عەدالەتیەکانی ڕژیمی توتالیتەری ئێران بەرابەر بە خەڵکی زەحمەتکێش و تێ کۆشەری کوردستان زیاتر و زیاتر لە جاران خۆی دەنواند و درێژە بە سیاسەتە دارێژراوە گڵاوەکانی دەدا، لەم سەر و بەندە دا، لە ڕۆژی یەکی پوشپەڕی ساڵی ٢٧٠٨ کوردی ،بەرابەر بە ٢٢ی ٦ی ساڵی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی لە دایک بوونی خۆی ڕاگەیاند. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوەیە خەباتە دژی سیاسەتە گڵاوەکانی ئەم ڕژیمە، دژی ئەو هەموو ستەمە و نا عەدالەتیانە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لاوانی پێشەنگ و ئازادیخوازی کورد دەکرێت. هەروەها بۆ کۆ کردنەوی ئەو لاوانەیە کە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان خوازیاری دروست کردنی وەها ڕێکخراوێکن بە ئیدە و فکرێکی ئازاد و لیبرال کە خواستی حەز و ئارەزوەکانی ئەوانی تێدا بەدی بهێنێت، هەر لەو ڕاستایەشدا هەوڵ دەدرێت بۆ یەکخستنی هێزی لاوان لە دەوری یەک بەرنام، پرۆگرام کە بتوانێت ڕێکخستنەکانی لاوان بەهێزتر و دووری و پرشی و بڵاوی لە ناو ڕێکخراوە سینفیەکان لە بەین بەرێ، لەم قۆناغە دا کە لە دەرەوی وڵات دەژین هەوڵ دەدرێت کە لاوانی کورد بە بەرنامە، پرۆگرامێکی زانستیانە و سەردەمیانە پەروەردە بکرێن، هەر

وەها هەوڵمان ئەوەیە کە تەئسیر بکەیە سەر حیزب و ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستان کە هاوپشتیوانی ڕێکخراو، یەکێتیەکانی لاوان و ئافرەتان بن بەڵام سەربەخۆی ڕێکخراوە کان بپارێزن هەر چەندیش لە پێکهێنای ئەو ڕێکخراوانە دا دەستی باڵایان هەبووە، چونکە هێمە باوەڕمان وایە کە تەنها هێزێک دەتوانێک ڕیفۆرم و ئیسلاحات پێک بهێنیت، کۆمەڵگا لە دۆگماتیسمی و داخراوەی ڕزگار بکات و بەرە پێکهێنای کۆمەڵگایەکی مەدەنی قۆناغ بە قۆناغ ببات و جیگیر بکات هێزی لاوانە، یەکێ لە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکەمان بە واتا ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان بەجیهانی کردنی موشکیلاتی لاوانی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هێمە هەوڵ دەدەین کە ئەو زوڵم و ناعەدالەتی و بەربەست دروست کردنە کە لە چەند دەهەی ڕابردوو کراوە ئیستاش دووژمنانی گەلەکەمان هەر درێژە دەری ئەو سیاسەتەن کە بە بەرنامەی دارێژراو دەیانهەوێت لاوانی کوردی پێ لەبەین ببەن بە گوێی بوونیادە نێودەوڵتی جیهانییەکان و پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە هەر شوێنک کە هەبن بگەیەنین ، هەر وەها داخوازییەکانی لاوانیش بەو شێوەیە لێیان تێبگەیەنین ،وەک ئەوەی کە لاوانی کورد و نەتەوەی کورد هیچ شتێک زیاتر لەو داخوازیانە ناوێت کە لە ناو بەییان نامەی مافەکانی مرۆڤ و مافی پێ شێل کراوی گەلان بن دەست دەردەکەوێت ،بۆیە ئەو مافانە هەقی سینفی و سیاسی و ئینسانی بێ قەیدو شەرتی لاوانی کورد و نەتەوەی ستەم دیدەی کوردن ، لە کۆتایی دا بە کورتی دەتوانم بلێم کە پێناسەو هۆکاری دروست بوونمان ئەمانەیە.

یەک. خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافە سینفیە کانی لاوان.

دوو . هەوڵ دان بۆ ناساندی مەسەلەی کورد و داخوازییەکانی لاوان و ئەو موشکیلاتانەی کە ئەمڕۆ بۆ لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە پێش بە گوێی بونیادە نێودەوڵەتییەکان بگەیەنین.

سێ. خەبات بۆ سەربەستی، ئازادی، سەربەخۆی یەکجاری گەلی کورد چونکە بیر و بۆچونی من و ئیستراتیژیکی ڕێکخراوەکەشمان هەر ئەوەیە کە تا ئەو بەشەی کوردستان ئازاد نەکرێت و کیانێکی سەربەخۆ پێک نەیەت، هێمە وەک لاوان ناتوانین زەمینەیەکی لە بار بۆ وەدەست هێنانی مافە سینفی یەکانی لاوان لە کوردستان فەراهەم بکەین، دەبیت ئەو دەسەڵاتە کە لەو بەشەی کوردستان دا حکومەت بە دەست دەگرێت دەبێت هەڵقوڵاویی ناخی ئەو کۆمەڵگایە بێت تا باشتر و ڕونتر لە موشکیلاتی لاوان تێ بگات وە هەوڵ بۆ دابین کردنی ئیمکاناتی تەفریحی، سینفی، خدمەتگوزاریەکان بدات...

ولامی پرسیاری ٢

هەر وەک لە ولامی پرسیاری ئەوەڵت دا ئیشارەم پێی کرد ، ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان ڕێکخراوێکی سینفییە کە هەوڵ دەدات موشکیلاتی لاوان بەرەو چارەسەرێکی بنەڕەتی ببات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام هێمە تاکو زەمێنەیەکی باش فەراهەم نەکەین بۆ ئەو ئیستراتیژیە ناتوانین هەنگاوێکی ئەرێنی باش و ئەکتیڤ بۆ ئەو مەبەستە هەڵ بگرین، ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان باوەڕی وایە کە ئەو زەمینە لە کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆ دا بەدی دێت.
پێوەندی نێوان پارتی سەربەستی کوردستان و ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی لێرەوە دەست پێ دەکات کە ئەو پارتە پارتێکی ئەمڕۆیانەیە کە بە پێی پرنسیپە دیموکراتیەکان لە گەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی گەلەکەمان هەڵسوکەوت دەکات وە خوازیاری کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات و سەربەخۆیە،کە لەوێدا کەلتوری دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بە تەواوەتی جێ دەکەوێت و دەبنە ژێرخانی یاسای ئەو کاتی کوردستان لەم ساتەوەختە دایە کە ئەو زەمینە کە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی ئامانج ئارەزوی هەبوو بۆ ئەوەی کە بتوانێت مافە سینفی و سیاسیە کانی لاوان وەدەست بێن و موشکیلاتەکانیشیان چارەسەر بکرێن و خودی هێزی لاو دەبێتە بەشێک لە دەسەڵاتی ئەو کات بە سەر کوردستان دا، لە گەڵ ئەوەش دا زۆربە هەرە زۆری ئەندامانی پارتی سەربەستی کوردستان لە لاوان

پێک دێت کە ئەوە نزیکایەتیەکی باشی لە پێوەندی لە گەڵ ڕێکخراوی لاوان سەربەستی و پ.س.ک، پێکهناوە کە ئامانج و ئیستراتیژیکی ڕێکخراوی سینفی و سیاسی پێکەوە سەبارەت بە موشکیل و داخوازیەکانی لاوان گرێ دەدات. ئێمە پارتی سەربەستی کوردستان بە پارتێکی مودێڕن و پێشکەوتو خواز دەزانین کە ئەو پارتە هەوڵ دەدات مەسەلە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی بنەرەتیانە چارەسەر بکرێت، وە هەوڵ دەدات کە بیری نەتەوەی و سەربەخۆخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بەهێز بکرێت وە بە ئاڵا هەڵگری بیری سەربەستی دەزانین لە کوردستان دا، سەرکردایەتی پارتی سەربەستی کوردستان لە پێک هێنانی ئەو ڕێکخراوە دا زۆر یارمەتیان داوین وە هەمیشە هاو پشتیوانی خۆیان بۆ ڕێکخراوەکەمان دووپات کردووەتەوە، بە پێی ئەو چەند فاکتەی کە لە سەرەوە باسم کرد پێوەندی نێوان ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان و پارتی سەربەستی کوردستان وەک دارێک وایە کە هەمێشە شکوفە دەکات و دەپشکوێت، کە ئەو لەقوپۆی دارە، تەمەنی دارەکە جوانتر و لەقوپۆکان تازەتر دەکاتەوە، بە تەئەکید لە هەر ڕێکخراو و حیزبێک دا کە زۆربەی هەرە زۆری لە لاوان پێک بێت، ئەو حیزبە یان ئەو ڕێکخراوە هەمیشە لە پێشکەوتن دا دەبێت وە لاوەکان بە فیکر و ئیدەی نوێتر دەتوانن باشتر ڕیفۆرم ئیسلاحات بهیننە گۆڕی وە سەرکەوتوتر دەبن لە چەرخی گۆڕان لە کۆمەڵگاکەمان، نەوەی نوێ هەمێشە فکری نوێی پێ بووە هەمێشە ئەو هێزە ئەکتیڤەی کۆمەڵ بووە کە توانیوێتی گۆڕانکارییەکان لە جیهان دا پێک بهێنێت، هەر بۆیە ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان خۆی لە ناو ڕێزەکانی پارتی سەربەستی کوردستان دا بینیوە ،بەڵام وەک ڕێکخراوێکی سینفی کە زۆرتر گرنگی بە موشکیلاتی سینفی و ئەو کێشانەی کە زۆرتر روبەروی لاوانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبنەوە هەروەها گرنگی بە مەسئەلەی نەتەوەیش دەدەین چونکە هێزی لاوان هەمیشە لە بزاڤە نەتەوەیەکان دا وەک هێزێکی چالاک و ماندوو نەناس چاوی لێکراوە بۆیە کۆماری بە ناو ئیسلامی هەمێشە لاوانی کوردی وەک کۆسپ لە سەر ڕێی خۆی دا بینیوەتەوە، بۆیە هەوڵی بە لاڕێدا بردنی زۆر داوە . ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان لە ناو ریزەکانی پارتی سەربەستی کوردستان دا تایبەتمەندی خۆی هەیە ، بەرنامەو ئەساسنامەی تایبەت بە خۆی هەیە وە بەڵام بە گشتی ئەو ئامانج و ئیستراتیژیکانە کە هەم سینفی و هەم سیاسین هێمە پێکەوە گرێ دەدەن و دەبەستنەوە.

زۆر سپاسی هەموتان دەکەم بۆ پرسیارەکانتان ، هیوا دارم توانیوێتم بە شێوێەکی کورت وڵامی پرسیارەکانتانم دابێتەوە، جارێکی دی سپاس بۆ هەموتان.
دەتوانن پێشنیارەکانتان بۆ ئەم ئیمەیلەم بنێرن سپاس ، هاشم موحەممەدی

henare_koyele@hotmail.com

ڕێکخراوی لاوانی سەربەستی کوردستان
K.I.Y.O
Kurdistan Independent Youth Organization